## کەرەستە ناسـ...

کەرەســـتەکانی ماڵ جوانییەکی گەورە دەبەخشن، دەبێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو کەرەستە ناســکانە بێ کە لەگەڵ جوانی مۆدەکانی دیکۆر و کەرەستەکانی دیکەی ماڵ بگونجێت، دەتوانین لە ئێکسسوارەکان لە گشت بەش و لایەنەکانی دیکۆرەکان سوود وەربگرین، یەکێك لەو ئێکسسوارانە بریتییە لە کەرەســـتەکانی خواردنەوە وەك : گلاس – بەرداخ، کە ئەوانە کەرەســـتەیکن لە زۆر شوێندا بەکاردەهێنرێن.







## ماکیاژی سادە و نەرم بۆ بووکان

خانمانی بووك دەبێ بە ڕازاوەترین شێواز کاری ماکیاژ بۆ ڕووخساریان بکرێ، چونکــە دەبێتە ئاوێنەیەك بۆ جوانی ئــەو خانمە بووکە، بەمەش دەبێ جۆرێك لە ستایلی ماکیاژەکان دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی وەك ماکیاژێکی نەرم و ناسك لەگەڵ جوانی خانمانی بووك بگونجێ، یەکێك لــە ماکیاژە جوانەکان بریتییە لە ماکیاژی نەرم و سادە بۆ بووکان، کە یەکێکە لە شــێوازەکانی جوانترین ماکیاژی ڕووخسار.

مۆدەکانــی ماکیــاژ لــە چەندیــن شــێوەی تایبەتدا دەردەکەون، تەنانەت دەکرێ مــۆدەکان بە شــێوەیەکی سادە و ناســك دەربکەون، مۆدەی ماکیاژی ناسك و سادە لەم ڕێگەیەدا دەبێ : سەرەتا ئەساسی ماکیاژەکە لــە ڕەنگێکــی کاڵ وەك، پەمەیی – برۆنزی کاڵ – زەردی کاڵ، ئــەو ڕەنگانەش لە سەرتاپای ڕووخسار دەدرێ، دواتر ڕەنگــی چاوبە کلی ڕەش تــۆخ دەکــرێ، هەروەهــا بۆ زیاتر جوانــکاری چاوەکان سێبەرێکی شــین یان شــینی ئاسمانی لە ژێــرەوەی چــاو دەدرێ.













## سەندڵە بێ پاژنەکان مۆدەیـ...

بەهــار وەرزێکی جوان و خۆشــە، پێویســتە جلوبەرگ و دیکــۆری مرۆڤەکانیش لەگەڵ ئەم وەرزە بگونجێ، یەکێك لە پێداویســتیە گرنگەکانی خانمان بریتییە لە ســەندڵ و پێڵاو، بۆیە لەم وەرزە پێویســتە ســەندڵ زیاتر بپۆشرێ، چونکە وەك مۆدەیەکی ناســك و کراوە لەگەڵ گشــت جۆرە ستایلەکانی دیکەی جلوبەرگ دەگونجێــت، هەروەها بەهۆی جوانی ئەو سەندڵانە دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین بۆ جوانی کەرەستە و ئێکسسوارە سەرەکییەکان. یەکێك لە مۆدە جوانەکانی سەندڵ،

## کەکانی ناو ماڵ





مۆدەکانی ئەو کەرەستەیە لە پێشوودا کەرەستەی بچووك بوون، کەچی مۆدە تازەکان گرنگی بە شێوەی گڵاس و بەرداخی درێژ دەدەن، چونکە دیمەنێکی جوان و ناسك دەبەخشن، وەك یەکێك لە کەرەستەکان دەکرێ لە ژووری چێشت و ساڵۆنەکاندا بەکاربهێنرێن، بەمەش دەبێتە یەکێك لە ئامادەکارییەکان بۆ ئەوەی دیکۆری ماڵ زیاتر رازاوەتر و جوانتر بکرێت.



## گرنگی دان بە ستایلی ژووری نووستن







دیکۆرەکانی ماڵ بە گۆڕانکاری شێوازەکان دەکرێ جوانتر بکرێن، هەروەها دیکۆرەکان بەپێی شێوازی تایبەتی کەسەکان دادەنرێن، یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی ماڵ کە بریتییە لە دیکۆری ژووری نووستن، وەك بەشێکی گرنگ بۆ حەوانەوە و پشووی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە خەوێکی خۆش و لە بەردەم دیکۆرێکی رازاوەدا بخەوێ.

لە ژووری نووستندا گرنگترین بەشەکان بریتین لە سیسەم و شوێنی خەوتن. ئامادەکردنی دیکۆری سەر سیسەمەکان دەبێ بە جوانترین شێواز دەربکەون و ئەمەش وەك ئامادەکارییەك لە کەرەستەکانی سەر ئەو شوێنە، هەروەها بۆ ئەوەی شوێنی پشوودانەکە بە جوانترین و ناسکترین شێوازدا دەربکەوێ، چاکترە ژووری نووستن لە رەنگی سپی بێ، هەروەها دەبێ رەنگەکانی کەرەستەکانی نووستن لە رەنگێکی کراوە بێ وەك: سوور – سەوز – پەمەیی، ئەمەش وادەکات شێوازێکی رازاوە و سەرەنجڕاکێش بە ژووری نووستن بدەن.









## ەکی جوان و رازاوە

بریتین لەو جۆرە سەندڵانە کە بە چەندین رەنگ و شێوەیەکی ناسك ئامادە کراون، هەروەها یەکێك لە سیفاتە جوانەکانی ئەو جۆرە سەندڵانە بریتییە لە نەبوونی پاژنە، ئەمەش وادەکات خانمان زیاتر رەشیق و بە باڵایەکی نەرم دەربکەون، جگە لەوەش سەندڵە بێ پاژنەکان لەگەڵ گشت جۆرە جلوبەرگێك دەگونجێن و دیمەنێکی جوانیش دەبەخشن.

# لاپتۆپ دەرۆزەکردنت لەبیردەباتەوە




کۆمپیوتەر ئامێرێکی پێشکەوتووی سەردەمە، گرنگترین ئامێری راپەڕاندنی کاروباری رۆژانەیە، وەك ئامێرێکی پێداویستی ژیان لە زۆربەی ماڵەکاندا دەبیندرێ، بەڵام پێدەچێ لەم دواییانەدا لە وڵاتی ئیرلەندا سواڵکەر و دەرۆزەکەرەکانیش لەکاتی سواڵکردندا کۆمپیوتەر بەکار دێنن.

ئەو سواڵکەرە ناوی (جۆنی)یە و لە کاتی سواڵکردندا لاپتۆپێکی دۆزیوەتەوە و بە بەختی ئەو سواڵکەرە لاپتۆپەکە کاریش دەکات، بۆیە ئەویش هەر لە شوێنی سواڵکردنەکەی، پیشەی سواڵکردنی لەبیرچۆتەوە، خەریکی بەکارهێنانی لاپتۆپەکەیەتی.

## سەیرترین تاوەر لە جیهان

کارە سەیرەکان لە بواری بیناسازی بە چەندین شێوە و دیمەنی سەیر دەردەکەون، پیشەی بیناسازی ئەوەندە پێشکەوتووە، مرۆڤ هەردەم نموونەیەکی سەیری بیناسازی دەبینێ، وەك ئەو چەندین باڵەخانانەی لە جیهان هەن، ئەوەی دەیبینن دەبێتە یەکێك لە تاورە جیهانییەکان، کە بە سەیرترین تاوەر دادەنرێ.

لە لیجۆی شاری بریکشێر لە بریتانیا بەبۆنەی رێزگرتن لە بنێشت، سەیر نییە لەوێ بنێشتیش رێزی لێدەگیرێ، تاوەرێکی گەورە دروست کراوە لە شێوەی بنێشتی شێوە لوولە، بەرزی ئەو تاوەرە دەگاتە (١٠٠) مەتر، شێوەی تاوەرەکە لە شێوەی لوولپێچ وایە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە تاوەرە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان، لە رووی شێوەی دەرەوە کە وەك لوولپێچ وابێ.







## تابلۆی سەر

هونەرمەند بۆ ئەوەی کە هونەرەکەی خۆی دەرببڕێ، بەهرەکەی خۆی لەزۆر بواردا تاقی دەکاتەوە. بۆ نموونە نیگارکێشێك هونەرەکەی لەسەر دار وبەرد و تەنانەت قوتووی بەتاڵیش دەردەخات.

لە وڵاتی رۆمانیا تابلۆیەکی زۆرجوان لە شوێنێکی گشتیدا دانراوە، تابلۆکەش

## دەشڵێ ئوت

کارە سەیرەکان بە چەندین شێواز دەردەکەون، لە هەندێك حاڵەت بەپێ خواست و یان وەك کارێکی بە پیلان دانراو کاری بۆ دەکەن، کەچی لە هەندێك حاڵەتی دیکەشدا بە ناچاری و یان دەست کورتی و نەبوونی کارەکان دادەنرێن، ئەو ئوتۆمبێلە دەبێتە یەکێك لە مۆدە سەیرەکانی ئوتۆمبێلەکانی جیهان، کەس



# خانمان چۆن پێـــڵاو لە پێ دەکەن



پیـــاوان بۆچوونیان وایە ژنان زۆر فێڵ بازن، لەراستیشـــدا ئەم بۆچوونە هەندێك راســـتە، بۆ نموونە هەندێك لە خانمان فێڵی وا دەکەن، کەس پێیان نازانێ، ئەوەی لەلای پیاوان ئاشکرایە کە خانمان پێـــڵاوی پاژنە بەرز دەکەنە پێ، کەچی ئەو پێڵاوە پاژنە بەرزانە زیان بە تەندرووســـتی قاچەکانیان دەگەیەنێ و چاك نییە کە زۆر لەپێ بکرێن، بەڵام ئەوەی لەم حاڵەتە دەیبینن یەکێکە لە فێڵە ســـەیرەکانی خانمانە، کاتێك خانمان جۆرە پێڵاوێك لەپێ دەکەن گەورەترە لە پێوانەی ژمارەی ئاسایی قاچیان.. بۆیە دەبێ رێگە چارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کێشەیە زاڵ بن، ئەو دوو خانمە لە وڵاتی نەمســـا لە کاتی ئاهەنگێکدا، پێڵاوەکانیان بە (تێپ ) لە قاچەکانیان بەســـتووە بۆ ئەوەی لە پێیان نەبێتەوە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە فێڵە ســـەیرەکانی هەندێك خانمان، ئەو وێنەیەش بە نهێنی گیراوە بەبێ ئەوەی کەســـێك ئاگاداریان بێ، بۆیە خۆیان لە دواوە حەشار داوە بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن.



# قوتووەکـــان

بریتییە لە چەند کەســـایەتییەکی کارتۆنی کـــە بە پێکەنینەوە ســـەیری ئـــەو خەڵکە دەکەن، ئەو وێنەیە بە رەنگ نەکێشراوەتەوە، بەڵکو لە قووتووەکانی خواردنەوە کهولی و گازییەکان دروســـت کـــراوە، قوتووەکانیان ئەوەندە هونەرمەندانە لەلای یەك داناون تا ئەم تابلۆیە دەرچووە.

# (٢٥) کیلۆی لە رۆژێـــک دابـــەزاند



ئەوانەی کێشـــەی زۆربوونی کێشـــی جەســـتەیان هەیە، ناتوانن وا بە ئاسانی خۆیان لەم کێشەیە دەرباز بکەن ، تەنانەت دەبێ پابەند بن بە راهێنانی جەســـتە زۆر قورس بن، بۆ ئەوەی کێشی جەستیان کەم بێتـــەوە، کەچی وادیارە لەلایەن خانمێکی وڵاتی بەریتانیـــا ریجیمێکی زۆر قورس کرا، خانمی (ماری فایکرز) کە تەمەنی ٢٥ ســـاڵە، بەهـــۆی کێشـــی زۆرییەوە پزیشکی کرد.

دوای ئەوەی پشـــکنینی بۆ دەکرێ و حاڵەتەکەی دەستنیشان دەکرێ، وا هەست دەکەن کیســـێکی گەورە لەناو سگیدایە، بۆیە بڕیاری نەشتەرگەرییەکی خێرای بۆ کرا، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە، توانیان ئەو کیســـە لەناو سگی دەربهێنن کـــە (٢٥) کیلۆگـــرام بـــوو، بۆیە ئەو خانمە کێشـــی جەســـتەی بە جارێك کەم کرایەوە، ئەمەش تەنیا لە رۆژێکدا (٢٥) کیلۆگرامی لە جەستەدا کەم بۆوە.



# ۆمبێلم هەیە!

نازانی ئەوە ئوتۆمبێلە یان پایســـکلە! لە وڵاتـــی ڤێتنام گەنجێـــگ پارچەیەکی ســـەرەوەی ئوتۆمبێلێکی خستۆتە سەر پایســـکلێکی (٣) تایـــە، بەمەش بۆتە یەکێك لە ئوتۆمبێلە ســـەیرەکان. دانانی ئـــەو ئوتۆمبێلە لەســـەر ئەو پایســـکلە بۆ کاتی باران بارینـــە، بۆ ئەو گەنجە بۆتە سەیوانە. بەخۆیشـــی دەڵێ: ئو تۆ مبێلـــم هەیە.



# ئاهەنگی هاوسەرگیری بە پایسکل





ژن هێنان و چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە ڕۆژێکە لە تەمەن و دووبارە نابێتەوە، بۆیە هەرچی بۆ ئەو ڕۆژە بیکەن کەمە، زۆر کەس بۆ ئەوەی کە ئەو ڕۆژە لەلای خەڵکانی دیکەش بە یادگاری بمێنێتەوە، شتی سەیروسەمەرە بۆ ئەم ڕۆژە دەکەن، لەلای خۆمان کارێکی تایبەتی بۆ دەکرێ بۆ ئەوەی بە ڕۆژێکی خۆش دابندرێ، کەچی لەلای ئەو دوو بووک و زاوایە ئەو ڕۆژەیان کردە ڕۆژێکی خۆش و سەیرتر.

لە وڵاتی کەنەدا خانمی بووک (کیۆنا) و (مۆریس)ی زاوا، هەڵسان بە ئەنجامدانی سەیرترین بەڕێکردنی ئەو ڕۆژەی تەمەنیان، ئەویش کاتێك هەردووکیان حەزیان بە پایسکل دەکرد، بۆیە دوای داوەت کردنی خەڵك هەر یەکە لە بووك و زاوا کاڵەیەکیان لەپێ کرد و سواری پایسکلەکانیان بوون، بەناو شەقامەکانی شارەکەیان ئاهەنگیان گێڕا، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین ئاهەنگەکانی بووك و زاوا.

# ئازارەکانی خۆ دەرخستن








مۆدە سەیرەکانی ڕازاندنەوەی جەستە و ڕووخسارەکان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبن، جار هەیە بۆ ڕازاندنەوە و خۆ دەرخستن پەنا بۆ کاری وا دەبەن کە ناچێتە خەیاڵی مرۆڤەوە، ئەویش تەنیا بۆ کاری جوانکاری و ڕازاندنەوەی ڕوخساریان بۆ ئەوەی لە بەر چاوی خەڵك سەرنجڕاکێش بن. ئەگەر سەیرێکی ئەو شێوازانەی کاری جوانکاری جەستە و ڕووخساریان بکەین، سەیرترین شێوازەکانی ئازاردانی جەستە دەبینین، کەچی لەلای خۆیان بە مۆدەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش دادەنرێ، چەند نەشتەرگەرییەکی تایبەت دەکەن تا ڕووخساریان بەم شێوەیەی لێ بێت بە پارەیەکی زۆریش ئەم نەشتەرگەرییانە ئەنجام دەدەن، (ئەلیکس) ئەو گەنجە لە ویلایەتی تیکساسی ئەمەریکییە، خۆی بەم جۆرە لێکردووە کە لە وێنەکەدا دەیبینین.



# بەختەوەرەکان بەتەمەنترن

بەپێی بۆچوونەکان ئەوانەی ژیانیان خۆشە، زیاتر دەژین، هەمان وتە بۆ ژیانی هاوسەریەتی ڕاستە، ژن و مێردە بەختەوەرەکان زیاتر تەمەن دەکەن بۆ نموونە ئەو ژن و مێردە کە ساڵانێکە بە خۆشترین شێوە ژیانی هاوسەریان تێپەڕ دەکەن، ئەوەی سەیر بێ کەس نەبووە تا ئێستا ئەوەندە لەگەڵ یەکتر بن، مێژووی هاوسەریەتییان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٨ بەرلەئێستا، واتە ئێستا دەکاتە نزیکەی (٨٢) ساڵ لە هاوسەریەتییەکی بەردەوام. ئەم ژن و پیاوە ناویان (فرانگۆیگ و ئەنیاتین)ە، بە ڕەگەز چینین و ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا پەنابەرن، ئەوەی سەیر بێ تا ئێستاش شەو و ڕۆژ بەبێ یەکتر هەڵناکەن، بۆ هەموو شوێنێك بەیەکەوە دەگەڕێن، ئەوەندە یەکتریان خۆشدەوێ هیچ کامەیان ئەوەی دیکە بەو دنیایە نادات. نوخشە بێ لە خەڵکی دیکەش!!



# مارێک جگەرەکێشە!

لە لاسایی کردنەوەی مرۆڤدا زیاتر مەیموون لاسایی دەکاتەوە، کەچی وادیارە گیانداری دیکەش هەن کە بتوانن لاسایی مرۆڤ بکەنەوە. لە وڵاتی فنلەندا سەیرترین مار لەو وڵاتە بینراوە، کاتێك لە ماڵێکدا مارێکی خۆماڵی دەبێ، خاوەنەکەی ئاگاداری نابێ، مارەکە جگەرەیەکی داگیرساوی خاوەنەکەی هەڵدەگرێت و تا تەواوی دەکات لە دەمی بەرنادات. ئەمەش وایکرد مارەکە فێری جگەرەکێشان بێ، ئێستاش ڕۆژانە جگەرە دەکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر جگەرەی پێنەدرێ لە جووڵە و قیژە ناوەستێ تاوەکو جگەرەیەکی پێنەدرێ و نەیکێشێت، ئای مرۆڤ ئەو خووە خراپەت بۆ گیاندارانیش گواستەوە.



# مشکە هونەرمەندەکە

تویژینەوەکان باس لە چالاکییەکانی مێشکی گیانداران دەکەن، هەرچەندە هەندێ کەس ئەو چالاکییانە بە گرنگی وەرناگرێ، بەڵام بەم دواییە دەرکەوتووە کە گیاندارەکانیش دەتوانن بەشێك لەو چالاکیانە ئەنجام بدەن کە مرۆڤەکان دەیکەن، یەکێك لەوانە ژەنینی ئامێرە میوزیکیەکانە.

لەلایەن پسپۆڕێکی وڵاتی ئوستراڵیا توانی چەند میوزکێك بۆ چەند مشکێك لێبدات، دواتریش ئامێری بچووکی میوزیکی بۆ ئامادەکردن، لە ئەنجامدا دوای دانانی ئامێرە میوزیکیەکان بە مشکەکان، هەر یەکە بەپێ ئاوازێکی تایبەت بە خۆیەوە مۆسیقای لێدەدا. بەمەش مشکیش بوو بە ژەنیاری مۆسیقا!



# پێشبینیە کەلـوەکان



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسێك بە هەر شێوەیەك بێت هەوڵ ئەدات بێبەشت بکات لەو خۆشیەی ئێستا تێیدای، دڵگران مەبە و بایەخ بە قسەکانی مەدە ئەمە دەبێتە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی، ئەویش هەست بە شکستی خۆی دەکات و دووبارەی ناکاتەوە.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هیچ گلەیی مەکە کاتێك دەبینی شتەکان بە پێی خواست و ئارەزووی تۆ نین، ئەگەر بە وردی هەڵسوکەوتت بکردایە هەرگیز بەو شێوەیەی ئێستا نەدەبوو، لەجیاتی خەم هەڵگرتن بیر لەوە بکەوە لەداهاتوودا سوود لەم هەڵەیە وەربگریت و دووبارەی نەکەیتەوە.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێشنیارێکت پێشکەش دەکرێت بۆ گرتنە ئەستۆی کارێکی گرنگ و پڕ دەستکەوت، ئەگەر هەست ئەکەی لەگەڵ توانای خۆت ئەگونجێت بەشداری بکە و ئەو کاتە دڵنیابە زۆر سوودی دەبێت و باری داراییت باشتر دەکات.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەگەڵ خۆشەویستەکەت خۆشترین کاتەکانی ژیانت بەسەر دەبەی، خۆشەویستیەکی تایبەت لەنێوانتان دروست دەبێت و دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر، با هەموو کاتێك زەردەخەنە هاوڕێت بێت.



## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

ئازاری دەروونی خۆت دەدەیت بە هۆی خۆشەویستی کەسێکەوە بە بێ ئەوەی ئەو بزانێت تۆ خۆشت ئەوێت، هەستی خۆتی پێ بڵێ بۆ ئەوەی لەهەستی ئەویش دڵنیا بیت و ئەو کاتە خۆشبەختی ڕووت تێدەکات.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دوای ئەوەی لەگەڵ کەسێکی نزیك و خۆشەویستت چەند کێشەیەکی بچووك ڕوویاندا و بووە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوانتان، ڕاستیەکان ڕوون دەبنەوە و پەیوەندی نێوانتان دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەو پلانەی داتنابوو بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا زۆر سەرکەوتوو نییە و جێگای ئەوە نییە دڵنیا بیت لێی، بۆیە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی تر بکەوە لەکاتێکی زۆر نزیکدا بۆ ئەوەی ئەوەی دەتەوێت لەدەستت نەچێت.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خەونەکەت دێتەدی بە بینینی کەسێك کە تامەزرۆی بینینی دەکەی و ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دیداری ئەو کەسەی، پێویستە زیاتر بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی لە ژیانت بدەیت و ئاگاداری باری تەندرووستیت بە.




## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەموو ئەو کەسانە شکست دێنن کە بەنیاز بوون ببنە بەربەست لەبەردەم بەیەکگەیشتنی تۆ و ئەو کەسەی خۆشت ئەوێت، پلە و ڕێزت لەلای کەسانی دەوروبەرت زیاتر دەبێت و دەبیتە جێگای سەرنجی هەموویان.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەخت هاوڕێتە و بەدیهێنانی خەونەکانت نزیك دەبن لەڕاستی، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەوەی حەز لە بەدەستهێنانی دەکەی و خەونی پێوە دەبینی بە کەمترین کات بۆت ئامادەبێت و تەنها پێویستی بە کەمێك هەوڵدان هەیە.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەرامبەرەکەت وا خۆی پیشان دەدات کە ڕقی لێت ئەبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوە تەنها هەستێکی دیارە و لەناخەوە هیچی بەرامبەرت نییە، تۆش کارێك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی ئازاری زیاتر بێت و خەم هەڵبگرێت، واباشترە وا خۆت پیشان بدەیت کە هیچت بەرامبەری نییە.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سەرکەوتوو دەبیت لە گەیشتن بە خەونێکت کە زۆر هەوڵت بۆی داوە، بۆت ڕوون دەبێتەوە خۆشەویستەکەت تەنها بۆ گاڵتە دەیەوێت وا خۆی بنوێنێت کە لێت زیز بووە، جارێکی تر دەرگای دڵی خۆی بۆت دەکاتەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com